# سێ سەرچاوە و سێ بەشە پێکهێنەرەکەی مارکسیزم

١٩١٣

## ڤلادیمێر لینین

**بۆ سییەمین ساڵڕۆژی مەرگی کارل مارکس**

**وەرگێڕانی: نزار عەبدوڵا**

ئەم وتارە لە عەرەبییەوە وەرگێڕداروەتە سەر کوردی و دواتر بەراوردکراوە لەگەڵ دەقی ئینگلیزییەکەیدا.

ناوەندی کۆمۆن

# سێ سەرچاوەو سێ بەشە پێکهێنەرەکەی مارکسیزم

ڕێبازی مارکس لە هەموو دنیای مۆدێرندا،لەلایەن هەموو زانستی بۆرژوازییەوە (بە ڕەسمی و بە لیبراڵەوە) تووندترین دژایەتی دەکرێ و مارکسیزم بە"داهێنراوێکی کفر و زیانبەخش"دەزانن. جگە لەم هەڵوێستانە ناکرێت چاوەڕوانی شتێکی تر بین، چونکە زانستێکی کۆمەڵایەتی "بێلایەن" لە کۆمەڵگەیەکدا کە پشتی بە خەباتی چینایەتی بەستبێ ناکرێ بوونی هەبێ، گشت زانستی ڕەسمی و لیبراڵی بە شێوەیەک لە شێوەکان کۆیلەیەتی بە کرێ دەپارێزێ، بەڵام مارکسیزم جەنگێکی بێ بڕانەوەی دژی ئەو کۆیلەیەتییە ڕاگەیاندووە.

داواکردنی زانستێکی بێلایەن لە کۆمەڵگایەکدا بنەماکەی کۆیلایەتی بە کرێ بێ، ساویلکەییەکی منالآنەیەو وەکو ئەوە وایە داوا لە سەرمایەداران بکەی لە مەسەلەی دابەزاندنی نرخی قازانجی سەرمایەدا بۆ زیاد کردنی کرێی کرێکاران بێلایەن بمێنێتەوە.بەڵام ئەوەی باسمان کرد هەموو شتێک نییە،مێژووی فەلسەفەو مێژووی زانستی کۆمەڵایەتی بە ڕۆشنی ئەوەیان دەرخستووە کە مارکسیزم بە هەموو شێوەیەک لە((دوورەپەرێزی))(الانعزالیه)بە دوورە،بەو مانایەی کە ڕێبازێکی دۆگم و داخراوبێ و لە ڕێگای سەرەکی گەشەی مەدەنییەتی جیهانی دابڕاو بووبێ، بە پێچەوانەوە بلیمەتی مارکس بە تەواوی لەوەدایە کە وەڵامی بەو پرسیارە سەرەکییانە دایەوە کە بیری پێشکەوتنخوازانەی مرۆڤایەتی هێنایە پێشەوە،ڕێبازەکەی ئەو تەواوکردنێکی ڕاستەوخۆو دەستبەجێی ڕێبازی مەزنترین نوێنەرانی فەلسەفە و ئابووری سیاسی و سۆشیالیزم بوو.

ڕێبازەکەی مارکس هەر لەبەر ئەوەی ڕاست و دروستە،قەوارەیەکی مەزنە و ڕێبازێکی یەکانگیر و کامڵە،جیهانبینییەکی مونسەجم دەربارەی دنیا بە خەڵک دەبەخشێ،بە هیچ جۆرێک لەگەڵ خۆشخەیاڵییەکاندا لەگەڵ کۆنەپەرستیدا لەگەڵ دیفاع لە ستەم و جەوری بۆرژوازیدا ناگونجێت،میراتگرێکی شەرعی باشترین داهێنراوەکانی مرۆڤایەتییە لە

سەدەی نۆزدەهەمدا:فەلسەفەی ئەڵمانی، ئابووری سیاسی ئینگلیزی،سۆشیاڵیزمی فەرەنسی.
هەر لێرەدا بە کورتی ئەم سێ سەرچاوە سەرەکییە لێک دەدەینەوە لە هەمان کاتدا سێ بەشە سەرەکییەکەیەتی.

1

**ماتەریالیزم:** فەلسەفەی مارکسیزمە بە درێژای هەموو مێژووی نوێی ئەوروپا بە تایبەتی لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا لە فەرەنسا،کە تیایدا خەباتێکی بێ پسانەوە دژی پاشەڕۆکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئارادابوو هەم دژی دام و دەزگاکان و هەم دژی بیرو باوەڕەکانی دەرەبەگایەتی،ماتەریالیزم تەنیا فەلسەفەی هەتاسەر تۆکمەو یەکانگیر بوو،پارێزەرێکی بە ئەمەکی زانستە سرووشتییەکان بوو دژی خۆشخەیاڵییەکان و خوا پەرستی و خورافات و.....بوو،لەبەر ئەوە دوژمنانی دیموکراتییەت هەموو هێزی خۆیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی پووچی ماتەریالیزم نیشان بدەن و ڕەتی بکەنەوە،درۆی بۆ هەڵبەستن و بەم جۆرە هەموو شێوەکانی میتافیزیکی فەلسەفی کە بە شێوەیەک لە شێوەکان دین دەپارێزێ و زاڵی دەکات بپارێزن.
مارکس و ئەنگڵس بە لێبڕاوییەوە دیفاعیان لە مەتەریالیزمی فەلسەفی کرد و زۆر کات ئەوەیان ڕوون کردەوە کە لادانەکان لەم بنچینەیە چ هەڵەیەکی گەورەیە،بیرو بۆچوونەکانیان زۆر بە ڕۆشنی و پاراوی لە هەردوو نووسینەکەی ئینگڵسدا واتە (لودفیگ فیۆرباخ) و (ئەنتی دوهرنگ)خراوەتە ڕوو، هەردووکیان وەکو (مانیفێستی کۆمۆنیست) بە نرخترین کتێبن لەلای کرێکارانی هۆشیار.
بەڵام مارکس هەر بە ماتەریالیزمی سەدەی نۆزدەهەمەوە نەوەستا،بەڵکو چەندین هەنگاو فەلسەفەی بۆ پێشەوە برد،زیاتر دەوڵەمەندی کرد بە دەستکەوتەکانی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی و بە تایبەت دەستکەوتەکانی ڕێبازی هیگڵ،کە بەدەوری خۆی ماتەریالیزمی فیۆرباخی لێکەوتەوە،گرنگترینی ئەم دەستکەوتانە **دیالکتیک** بوو، واتە تیۆری گەشەکردن بە کامڵترین لایەنەکانی و قەڵترین ماناکانی، بە تەواوی دوور لەهەر بیر تەسکییەک،تیۆری نیسبی بوونی ئەو زانیارییە مرۆڤانەیەی کە ڕەنگدانەوەی مادەیە لە حاڵی گەشە کردنی هەمیشەیی خۆیدا،نوێترین دۆزینەوەکانی زانستە سروشتییەکان_ڕادیۆم،ئەلکترۆنەکان و ئاڵوگۆڕی توخمەکان_بە شێوەیەکی سەیر



ناوەندی کۆمۆن

ڕاستی و دروستی ماتەریالیزمی دیالیکتیکی سەلماندووەم، بە پێچەوانەی مەیلی ڕێبازەکانی فەیلەسوفە بۆرژوازییەکان سەرەڕای وەرچەرخانی "تازەیان"بەرەو میتافیزیکی کۆن و پڕتووکاو.

مارکس ماتەریالیزمی قوڵتر کردەوەو پەرەی پێدا و گەیاندی بە کۆتایی لۆجیکانەی خۆی و چوارچێوەکەی لە ناسین و سروشتەوە بۆ ناسینی **کۆمەڵی مرۆڤایەتی** فراوان کردەوە، **ماتەریالیزمی مێژوویی** مارکس گەورەترین سەرکەوتنی بیری زانستی تازە بوو، دوای پشێوی و بێ نەزمییەک کەتا ئەو کات لە چەمکەکانی سیاسەتی مێژوودا برەوی هەبوو،تیۆرێکی زانستی پەیدا بوو بە جوانترین و یەکانگیرترین و تۆکمەترین شێوە ڕوونی کردەوە چۆن لە شکڵێکی دیاریکراوی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییەوە،بە هۆی گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکانەوە شکڵێکی تر وە باڵاتر و پەسەندتر لە دایک دەبێ و گەشە دەکات،بۆ نموونە چۆن سەرمایەداری لە دەرەبەگایەتییەوە سەر هەڵدەدات.

هەروەکو چۆن زانیاری مرۆڤ سەربەخۆ لە بوونی خۆی ڕەنگدانەوەی بوونی سرووشتە، واتە مادده لە حاڵەتی گەشەکردنی خۆیدا، بە هەمان شێوە **زانیاری کۆمەڵایەتی** مرۆڤیش واتە (بیروڕاو ڕێبازە فەلسەفی و دینی و سیاسیە جیاوازەکان....تاد) ڕەنگدانەوەی **ڕژێمی ئابووری** کۆمەڵەو دام و دەزگا سیاسیەکان سەرخانێکی ئەو بنەما ئابوورییەن.

ئێمە دەبینین کە بۆ نموونە چۆن شێوە سیاسیە جیاوازەکانی دەوڵەتەکانی هاوچەرخی ئەوروپا، ئامڕازی دەستی بورژوازین بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر پرۆلیتاریادا.

فەلسەفەی مارکس، مارتەریالیزمێکی فەلسەفی کامڵە،مرۆڤایەتی و بە تایبەتی چینی کرێکاری، بە ئامڕازی کارای مەعریفی چەکدار کردووە.

## 2

دوای ئەوەی مارکس بینی کە ڕژێمی ئابووری ئەو بنچینەیەیە کە سەرخانی سیاسی لەسەر ڕادەوەستێ،زۆرترین هەوڵی خۆی بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو ڕژێمە ئابوورییە تەرخان کرد،نووسینە سەرەکییەکەی مارکس(سەرمایە"کاپیتاڵ")بە تایبەتی ئاوێتەیە بە لێکدانەوەی ڕژێمی ئابووری کۆمەڵگا واتە سەرمایەداری.

پێش مارکس لە ئینگلتەرادا کە پێشکەوتووترین وولاَتی سەرمایەداری بوو ئابووری سیاسی کلاسیکی هاتبووە ئاراوە، ئادەم سیمس و دایڤید ڕیکاردۆ ڕژێمی ئابوورییان لێکدابۆوەو سەرەتاکانی **تیۆری"بایی_کار"**یان داڕشتبوو، مارکس درێژەیدا بە کارەکانیان، بنچینەیەکی زانستی بەم تیۆرییە بەخشی و بە شێوەیەکی تۆکمەو یەکانگیر گەشەی پێدا، ڕوونی کردەوە کە بایی هەر کالاَیەک کاتی کاری کۆمەلاَیەتی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی دیاری دەکات،لە کاتێکدا ئابووریناسە بۆرژوازییەکان هەر پەیوەندی نێوان شتەکانیان دەبینی (ئالۆگۆڕی کالاَیەک بە کالاَیەکی تر)، مارکس **پەیوەندی نێوان ئینسانەکانی** دۆزییەوە،ئالۆگۆڕی کالاَکان لە ڕێگەی بازاڕەوە دەربڕینی پەیوەندی نێوان بەرهەمهێنەرە تاکەکانە.

**پارە(دراو)** بەو مانایەیە ئەو پەیوەندییە توندو تۆلَترەو ژیانی ئابووری بەرهەمهێنەرە تاکەکان لە بۆتەیەکی گشتیی لێک دانەبڕاودا کۆبۆتەوە، **سەرمایە** مانای درێژەی گەشەکردنی ئەو پەیوەندییە دەگەیەنێ:

هێزی کاری ئینسان ئێتر دەبێت بە کالاَیەک، کرێ وەرگر هێزی کاری خۆی دەفرۆشێت بە خاوەن زەوی و خاوەن کارخانە و هۆیەکانی بەرهەمهێنان، کرێکار بەشێک لە ڕۆژ کارەکەی (کرێ) بۆ خەرجی ڕۆژانەی خۆی و خێزانەکەیەتی و بەشەکەی تری بە خۆڕاییەو بۆ سەرمایەدار **زێدەبایی** بەرهەم دەهێنێ و سەرچاوەی قازانجە و سەر چاوەی دەولَەمەندبوونی چینی سەرمایەدارە.

زێدەبایی بەردی بناغەی تیۆرە ئابوورییەکانی مارکسە،ئەو سەرمایەی کاری کرێکار دەخولَقێنێ کرێکار دەخاتە ژێر دەسەلاَتی خۆیەوە، خاوەن کارە بچووکەکان مالَوێران دەکات سوپایەک لە بێکاران پێکدەهێنێ،سەرکەوتنی بەرهەمهێنانی گەورە لە پیشەسازییدا بە ڕۆشنی بەدی دەکرێت، هەمان ئەم دیاردەیە مەیدانی کشتوکالَیشی گرتۆتەوە بە کارهێنانی ئامێرەکان و وەبەرهێنانی سەرمایەداری گەورە لە کاری کشتوکالَیدا زیاتر زالَ دەبێت،ئیستیسماری جووتیارانە ئەکەوێتە ژێر ڕکێفی سەرمایەی مالییەوەو زیاتر پەکی دەکەوێت و تێک دەشکێ و بە هۆی تەکنیکە دواکەوتووەکەیەوە نابووت دەبێ،شێوەکانی ئەم نابووت بوونەی بەرهەمهێنانی بچووک لە مەیدانی کشتوکالَدا جیاوازە لە مەیدانی پیشەسازی،بەلاَم هەرچۆنێک بێت ئەمە ڕاستییەکەیە و قسە هەلَناگرێت.

سەرمایە کاتێک بەسەر بەرهەمهێنانی بچووکدا زاڵ دەبێ توانای بەرهەمهێنەرانەی کار زیاتر دەکات و بە شێوەیەکی قۆرخکاری هەلومەرجەکە بە قازانجی کۆمەڵەکانی سەرمایەدارە گەورەکان دەگۆڕێت، خەسڵەتی کۆمەڵایەتی بوونی بەرهەمهێنان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ باشتر دەردەکەویت،سەدان هەزار و ملیۆنەها کرێکار لە دامەزراوەیەکی ئابووری یەکانگیردا کۆدەبنەوە،لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک سەرمایەدار بەرهەمەکانی ئەم کاری هاوبەشە دەکەن بە مولکی خۆیان، ئاژاوەی  بەرهەمهێنان و قەیرانەکان و ڕاکردنی شێتانە بە دوای بازاڕدا، مسۆگەر نەبوونی ژیان بۆ زۆربەی خەڵک زیاتر پەرەدەسەنێت.

ڕژێمی سەرمایەداری هەرچی زیاتر کرێکاران بە سەرمایەوە گرێ دەداتەوە لە هەمان کاتتدا توانای کاری یەکگرتووی گەورە دەخوڵقێنێ.

مارکس گەشەی سەرمایەداری لە توخمە سەرەکییەکانی ئابووری کاڵایی و ئاڵوگۆڕی سادەوە هەتا شێوە باڵاترەکانی و بەرهەمهێنانی گەورە لێک دایەوە و ئەزموونی هەموو دەوڵەتە سەرمایەدارەکان چ کۆن و چ نوێ، ساڵ لە دوای ساڵ بە ڕۆشنی حەقانییەتی ڕێبازی مارکس بۆ ژمارەیەکی هەرچی زۆرتر لە کرێکاران ڕوون دەکەنەوە.

سەرمایەداری لە هەموو دنیادا سەرکەوتووە، بەڵام ئەم سەرکەوتنە هیچ نییە جگە لە پێشەکییەک بۆ سەرکەوتنی کار بەسەر سەرمایەدا.

## 3

کاتێک ڕژێمی دەرەبەگایەتی داڕووخا کۆمەڵی سەرمایەداری "ئازاد" چاوی بە دنیا هەڵهات، دەست بەجێ ڕوون بۆوە ئەو ئازادییە بە واتای ڕژێمێکی نوێی چەوسانەوەی ڕەنجدەران و ڕەتاندنیانە، بە خێرای ڕێبازە سۆشیالیستیەکان سەری هەڵدا هەم وەکو ڕەنگدانەوەی ئەو چەوسانەوەیەو هەم بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لە دژی.

بەڵام سۆشیالیزمی سەرەتایی سۆشیالیزمێکی خەیاڵی(یۆتۆپی)بوو ڕەخنەی دەگرت لە کۆمەڵی سەرمایەداری، نەفرەتی لێدەکرد و ڕەتی دەکردەوە، خەوی بە لەنێوبردنییەوە دەبینی، لە خەیاڵی ڕژێمکی باشتردا بوو، هەوڵی دەدا دەوڵەمەندەکان بگەیەنێ بەو قەناعەتەی کە سەرمایە گوزاری کردن پێچەوانەیە لەگەڵ ڕەوشتدا، بەڵام سۆسیاڵیزمی خەیاڵی نەیدەتوانی ڕێگای دەربازبوونی واقعی بدۆزێتەوە.

نەیدەتوانی سروشتی کۆیلەیەتی بە کرێ لە سایەی ڕژێمی سەرمایەداریدا بناسێ و لێکیبداتەوە، نەیدەتوانی یاسانی گەشەی سەرمایەداری بدۆزێتەوە، هەروەها ئەو هێزە کۆمەلایەتییە بناسێ کە کۆمەڵگەیەکی نوێ نوێ دادەمەزرێنێت.
بەلام زریانی شۆڕشەکان کە لەگەڵ ڕوخاندنی دەرەبەگایەتی و کۆیلەیەتی زەویدا هەموو ئەوروپا و بە تایبەت فەرەنسای دەگرتەوە،بە ڕۆشنییەکی زۆرەوە نیشانیدا کە خەباتی چینایەتی بنچینەی هەموو گەشەکردنێکەو مۆتۆڕی بزوێنەرەکەیەتی، هەر ئازادییەکی سیاسی لە چینی دەرەبەگەکان بە زۆر وەرگیرابێ بە بێ بەرگریکردنێکی بێ هوودە نەبووە.
هەر وولاتێکی سەرمایداریش کە لەسەر بناغەیەکی ئازاد دیموکراتی بە شێوەیەک لە شێوەکان دامەزرابێ، بە بێ خەبات و ململانێی نێوان توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵی سەرمایەداری تا ئاستی مردن نەبووە.
بلیمەتی مارکس ئەوەیە کە یەکەم کەس بوو ئەم ئەنجامەی مێژووی جیهانی وەرگرت و لە پراکتیکدا بە شێوەیەکی یەکانگیر جێبەجێی کرد، ئەو ئەنجامەش بریتی بوو لە ڕێبازی خەباتی چینایەتی.
خەڵک لە مەیدانی سیاسەتدا ساویلکە دەبن و هەڵیان دەخەڵەتێنن و هەروا دەمێننەوە تا ئەو کاتەی فێر نەبن کە چۆن بەرژەوەندییەکانی چینەکان لەودیوی دەربڕین و بەیانەکان و هەڵوێستە ئەخلاقی و دینی و سیاسی و کۆمەلایەتییەکانەوە دیاری نەکەن، لایەنگرانی ڕیفۆرم و چاکسازییەکان هەمیشە پارێزەرانی هەلومەرجی کۆن فریویان دەدەن، گەر لەوە تێنەگەن کە هێزەکانی ئەم چینی دەسەلاتدارە یان ئەویتر دەبێت پاڵپشتی دام و دەزگایەکی کۆن هەرچەندە بە تەواوی بەربەری و پرتووکاو بێ بۆ ئەوەی بەرگری ئەو چینانە بشکێنێ، تەنها ڕێگە هەر ئەوە بچین هەر لەو کۆمەڵگایەدا کە تیایداین ئەو هێزانە بدۆزینەوە کە دەتوانێ بە هۆی جێگاو ڕێگای کۆمەلایەتییەکەیەوە دەبێ بەو هێزەی کە کۆن ڕابماڵێ و نوێ بهێنێتە ئاراوە دواتر بچین ئەو هێزە هۆشیار بکەینەوە و بۆ خەبات ڕێکی بخەین.
تەنها ماتەریالیزمی فەلسەفی مارکس بۆ پرۆلیتاریای ڕوون کردەوە کە دەبێ چ ڕێگایەکبگرێ بۆ ئەوەی لە کۆیلەیەتی فکری کە تا ئەوکات هەموو چینە چەوساوەکان نووقمی بوون دەرباز ببێ.

تەنها تیۆری ئابووری مارکسە جێگاو شوێنی ڕاستەقینەی پرۆلیتاریای لە گشت ڕژێمی سەرمایەداریدا ڕوون کردەوە، ڕێکخراوە سەربەخۆکانی پرۆلیتاریا لە گشت جیهاندا هەر لە ئەمەریکاوە تا یابان و هەر لە سویدەوە تا ئەفریقای باشور پەرەدەسێنێ.

پرۆلیتاریا فێر دەبێ پەروەردە دەبێ لە جەرگەی خەباتی چینایەتی خۆیدا و لە خۆشخەیاڵییەکانی کۆمەڵی بورژوازی ڕزگاری دەبێ، هەرچی زووتر یەک دەگرێ و ئەوە فێر دەبێ چۆن سەرکەوتنەکانی خۆی دەنرخێنێ و هێزەکانی قایم دەکاتەوە و بێ گەڕانەوە گەشەی پێدەدا.